## عێراق و ترادیسیون(تەقالید)

ئەم بابەتە کە بە شێوەیەکی زۆر ساده و کورت نووسراوە باسی ئەم خاڵانە دەکات: تەقالید چییە؟ چەند جۆری تەقالید هەیە؟ چ تەقلیدک لە عێراقدا باڵادەستە، چ ڕۆڵێکی هەیە و تایبەتمەندیەکانی؟ چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، رستەیەکی زور کورت بو قەندیل، تورکیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنجامی ئەم وتارە.

لەم بابەتەدا باسی کونسێپتی تەقالید لە ماوەی چوار سەدەی ڕابردوودا ناکەین؛ چۆن ئەنترۆپۆلۆژی ئەم کونسێپتە دەبینێت وئێڤۆلوسیونیزمی؟ لە سەدەی ١٨، ١٩ وپاش پێشکەوتنی زانست و تەکنیک، تاکگەرایی، شۆڕشی پیشەسازی، سەرمایەداریی بازرگانی...هتد، شێوازەکی نوێی نوێنەرایەتیکردنی مرۆڤ وجیهان لە سەردەمی ڕێنێسانسدا پەیدا بۆ ولە سەردەمیLumières گەیشتە لوتکە، کە دەڵێت "مۆدێرنیتە" چییە؟ دوای ئەوە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا هاتوتە بینین لە ڕێگەی دووبەرەکییەکی عام وەک: ئایین/زانست، ئارکایزم (دواکەوتوو)/پێشکەوتوو، تەقالید /مۆدێرنیتە و stagnation/change، community/society ،...هتد. بەڵام پاش دووبارە لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوەیەکی باشتر و نوێ کونسێپتی ترادیسیون پەیوەندی نێوان ئەمەی دوایی ومۆدێرنیتە گۆڕاوە. دوای ئەو کۆنتراست/جیاوازی بینی ئەم دوو کونسێپتە ' تەقالید - مۆدێرنیتە' کەم بووتەوە وبە تایبەتی زۆرComplexifié بوویە. تەنانەت کۆمەڵگای پێشکەوتووش بە بەردەوامی تەقالید دروست دەکەت.

هەر چەند کۆمەڵگا دواکەوتوتر بێت ئەوندە زیادتر ڕۆڵی تەقالید گرنگترە. هەر کۆمەڵگایەک، گوند یا شارەک،...هتد، تەقالیدەکانی تایبەتی خۆی هەیە. لەم بابەتەدا باسی تەقالیدەکانی کولتووری، ئابووری، ئایینی، میلیشیای، چێشتلێنان، جووتیار، سەربازی یان کۆمەڵایەتی،...هتد، بە شێوەیەکی تایبەت ناکەین، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت باسی تەقالیدی 'سیاسی جەماوەری' وحکومرانی دەکەین.
دەتوانین بە چەند شێوەیەک بڵێین ترادیسیون چییە، بەڵام زۆر بە سادە و 'مەکرو': گواستنەوەی(بە شێوەیەکی کردار، عەمەلی، شەفەهی، گوتن، نووسین،...هتد)، کۆمەڵێک فکر، هزر، بیرکردنەوە و شتی مادی لە زەماندا(-/+ لە ماوەیەکی درێژخایەن)، کە ئێستا زیندوو و چالاکن لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر بە شێوازەکی شەخسی یان جەماەری( کۆمەڵگا، تاکەکەس، گرووپ، عەشیرەت، ڕێکخراو،...هتد).

چەند خاڵ وپرسیاری گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی تەقالیدی چینی سیاسی و دینی عێراقی چی ئیسبات دەکات، چی لێ فێردەبین و تایبەتمەندیەکانیان پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣؟ تەقالیدەکانی جیاوازی کاتی سەدام بە چ شێوەیەکی تایبەت وچۆن ئێستا چالاک و زیندوون لە هەموو عێراقدا؟ چین، جیاوازی وخاڵەکانی هاوبەشی ترادیسیون پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا؟ بێ گومان خاڵەکانی هاوبەش زیاترن: نەبوونی دیموکراسی، بەکارهێنانی ڕابردوویەکی دوور، ئایین، ئایدیۆلۆژی، ئەفسانە بۆ بەرژەوەندی شەخسی وشەرعییەتدان بە خۆیان، ژیانی کەسێکی کورد، شیعە، سوننە یان مەسیحی لە عێراقدا گرنگ نییە، بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی ترس ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ، شەڕی جیاوازی عەشایەری تائیفی ئێتنی و دینی بەردەوام،...هتد.
بۆ ئەم خاڵانە کە درێژخایەنن وپێکهاتەکانی گرنگی تەقالیدی عێراقین زۆر پیس چەسپاون لە ناو کۆمەڵگادا وبوونە بە شتێکی عادی؟ بۆچی هەندێک تەقالید لەگەڵ مۆدێرنیتەدا ون دەبن یان بە عکسەوە مۆدێرنیتە چەند جۆرەکی تەقالید 'زیندوو' دەکاتەوە؟ لە زەماندا هەڵوێستی تەقالیدی جەماوەری کورد، شیعە، سوننە یان مەسیحی بەرامبەر بەم خاڵانەی سەرەوە چۆن بوویە پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣، ئایا هیچ دەرسەکتان وەرگرتووە؟ لەم دیدەدا داگیرکردنی شار، گوند
یان کۆمەڵگا چۆنە؟ ئایا کۆمەڵگا ئاگادارە یان نە کە چۆن وبە چ شێوەیەکی پیس، دووڕوو ودرێژخایەن چینی سیاسی ودینی عێراقی تەقالید بە کار دێنێت بۆ بەرژەوەندی شەخسی وحەیوان کردنی کۆمەڵگا؟ مێژوو بە ڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە...هتد."

هوشیار بارزانی گووت:" تەقالیدی چینی سیاسی کوردی بە شێوەیەکی عام لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا چۆن بوونە؟ پێش و دوای دروستکردنی ناوچەی ئەمنی ئایا تەقالیدی سیاسی هەر بەردەوام بوونە یان گۆڕانکاریەکی بینیوە؟ چین، تایبەتمەندیەکانی تەقالیدی سیاسەتمەدار، سکرتێری حزبی، کەسایەتی ناسراوە سیاسی...هتد؟ مێژوو زۆر بە ڕوونی ئەم خاڵانە ئاشکرا دەکەت کە دەسەڵاتدارن لە ناو تەقالیدی سیاسی کوردی: - ویژدانەکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی...هتد، زۆر بچووک، تەسک، نزم، عەشایەری وتائیفی. - هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر شارەزا و پرۆفیشناڵی ئەندامی حزبی، پێشمەرگە، جەماوەر، قوتابی، کۆمەڵگا، شار، گوند، هێزەکانی ئەمنی...هتد. - پشتیان بە یارمەتییە دەرەکییەکان بەستووە و بەردەوام بوونی خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی بە شێوەکانی جیاوازی ئابوری، سیاسی، کلتوری، سەربازی، دیپلۆماسی، کشتوکاڵ، دینی. - پەرستن و کۆیلەی مانتاڵ،...هتد.= بەردەوام بوونی خزمەت کردنی خیانەت، تاڵان کردنی زۆر قوڵ، حەیوان و میلیشیا کردنی کۆمەڵگا. -...هتد. = تەقالیدەکانی دەسەڵاتداری چینی سیاسی کوردی."
تۆ لەبیرت کردووە کە مردن هەیە (چۆن لەم دوو سێ ڕۆژی دونیای حاڵی بووی)، وکە دیمانسیونی ڕۆحی دەسەڵاتدارە لە سەر دیمانسیونی ماددیدا.

تەقالیدی کۆمەڵگا1 بە شێوەیەکی عام چۆن بوونە پاش ساڵی ١٩٩١؟ هەڵویستی کۆمەڵگا بەرامبەر بە شەڕی براکوژی جیاواز، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی سیاسی، دینی، ئابوری، ئەمنی، پەروەردەیی، تەندروستی، میدیایی...هتد؛ تا ئێستا بە چ شێوەیەک بوویە؟ هوشیار بارزانی گووت:" تەقالیدی کۆمەڵگا لە سەرانسری کوردستانا عێراقە زۆر تایبەتن. چەند تایبەتمەندیەکانی: خواردنی بنەرەتی تەقالیدی کۆمەڵگا پێکهاتووە لە ترس، ستەم و زوڵموزوری جیاواز، حەیوان ومیلیشیا کردنی کۆمەڵگا، مانتالەکی زۆر تەسک، بچووک و عەشایەری، سایکۆلۆجی لاواز و ژێر دەست، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر شارەزا، ئاو دانی بەڕێوەبردنی جیاواز و شەرعی دزی، گەندەڵی و تاڵان کردن،...هتد. = هیچ نەکردن بۆ گۆڕانکاری بنەرەتی، بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخی جیاوازی زۆر ئاڵوز، گەندەڵ. = تەقالیدەکانی کە چینی دەسەڵاتداری کوردی بە هێزتر کردووە پاش ١٩٩١ لە ناو شار و گوندا کە تا ئێستا هەر زیندوونە سەرەڕای ئەوەی کە ٩٥%ی کۆمەڵگا بۆ گۆڕانکاریەکی بنەرەتییە. بۆچی

تا ئێستا کۆمەڵگا یان تاکەکەس وەک یارییەک بوونە لە دەستی دەسەڵاتدا، وەک تۆپی پێ؟ بۆچی تا ئێستا کۆمەڵگا هەر لە ناو قوڕ دایە ونازانێت چی بکات؟ تا ئێستا بۆ کۆمەڵگا بە هیچ شێوەیەک لە شێوازی کلاسیکی، مانتالەکی تەسک، بچووک و ویژدانەکی نزمی جیاواز خارج نەبوویە؟ بێ گومان لە ژێر ئەم دەسەڵاتی میلیشیای بارودۆخی کۆمەڵگا ڕۆژ بە ڕۆژ پیستر وخراپترە.
بۆچی لە کوردستانا عێراقە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دروست و پەیدا نەبوویە وکۆمەڵگایەک بوویە کە بەس میلیشیاتی نەزان و دڕندە(بۆ حەیوان کردنی کۆمەڵگا)، دروست کردووە: پارتی، یەکێتی، گۆڕان، ئیسلامیەکانی جیاوازی کوردی،'حکومەتی هەرێم'، سۆشیالیست، کۆمۆنیست...هتد؟ بە شێوەیەکی زۆر کورت و سادە: کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو وعەشایەری بوویە وتا ئێستاش عەقڵیەتی عەشایەری باڵادەستە، ستراکچەری
( Structureی)کۆمەڵگا جیاواز بووە لەگەڵ ئێستا، لە زەماندا کوردستانا عێراقە تەقریبەن بە شێوەیەکی بەردەوام لە بارودۆخەکی تایبەتی شەڕی جیاواز دابوویە، کۆمەڵگایەکی ئەکتەری غەیری دەولی بوویە...هتد."

هوشیار بارزانی گووت:" تەقالیدی دەسەڵاتداری کوردی بە شێوەیەکی زۆر شارەزا وپرۆفیشناڵ داخلی ویژدانی: تاکەکەس، جەماوەر، میدیا، دین، کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی، ڕۆشنبیر...هتد، بوونە. بۆ نموونە کەسایەتییەکی ناسراوی (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، سەربازی، وەزیر و گوزیر،...هتد)، کوردی کە چیتر لە ' حزبێکی' سیاسیدا نییە. پێش هەموو شتێک دەبێت جەماوەر ئەم پرسیارانە لە خۆی بکەت سەبارەت بەم کەسایەتی ناسراو: چەند خانوو، ئۆتۆمبێل، زەوی، کۆمپانیا لە سەر ناوی خۆی یان خەڵکی ترهەیە و چەند پارەی دزیوە چ بە شێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە و ئەوە چ لە داخل یان خارجی کوردستان؟ چۆن دووبارە رەفتار، کردار، فکر و هزر کردنی تەقلیدی پیسی دەسەڵاتداری کوردی بە کار دێنیت؟ چۆن دەوڵەمەند بوو؟ ئایا ئەم کەسایەتی ناسراو ئاگادارە یان نە کە خۆی بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەم سیستەمی دزی، گەندەڵی ومیلیشیاییە؟ چەند جار جلوبەرگی گۆڕیوە بەپێی بەرژەوەندیەکانی؟ ئێستا بە چ شێوەیەکی تایبەت دیوان ومەجلیس گەرم دەکەت؟ چۆن جارێکی تر لە چوارچێوەی تەقالیدی دەسەڵاتداری کوردی دووبارە یاریەکی زۆر پیس بە جەماوەر دەکەت؟"

هوشیار بارزانی گووت:" بێزاربوونی کۆمەڵگا لە خۆی و هەست کردن بە گۆڕانکاری بنەرەتی رۆژ بە رۆژ زیاتر وبە هێزترە تەنانەت وبە تایبەتی لە ناو میلیشیاکانیشدا. بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا پێویستە ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەخۆی بکات: چی لەم میلیشیاتی جیاواز فێربوویت: پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کومەل، یەکگرتوو، حزبوڵڵا، کۆمۆنیست، سۆسیالیست، ئاڵای شۆڕش، پاسۆک، بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەنسار،...هتد، یان چ جۆر تەجروبە وەرتگرتووە؟ بۆ چی تەقالیدەکانی ئەم حزبانە تا ئێستا وەستاوە، سابت وباش چەسپاون لە ناو کۆمەڵگادا؟ چۆن ئەم
بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی تەقالیدەکانی جەماوەر بە هێزتر دەکەن؟ چۆنە حاڵەتی دەروونی سەرۆک، سەرۆکی هەرێم، سەرۆک وەزیر، سکرتێری حزب،...هتد، کە ڕۆژ بە ڕۆژ فشار لەسەریان زیاترە؟ ئەم بەرپرسانە، نە بەس، هیچ جۆر شەرعییەتەکیان2 نەماوە بەڵام لەهەمان کاتدا لە ناو ترسی بەردەوامدا دەژین. تاوانەکانیان رۆژ بە روژ ئاشکراتر دەبن بۆ ئەندامی حزبی، هێزی ئەمنی، پۆلیس، خەڵک، کۆمەڵگا.
بۆچی ئەم گۆڕانکاریی ڕیشەی خەون وخەیاڵ نییە؟ کەی کۆمەڵگا، جەماوەر هەست بە گرنگی خۆی دەکەت و کە گۆڕانکاری پێویستە لە ناو هەموو گوند و شارەکاندا بێت؟ چەند جاری تر تەجروبەی میلیشیا وکۆیلە کردنی خۆوتان دووبارە دەکەنەوە؟ زۆر گرنگە کە بە شێوەیەکی زۆر قووڵ ویژدانی گۆڕانکاری ڕیشەی داخلی هەموو گوند وشارەکان بێت. داوا لە هەموو لایەک دەکەم بە
شێوەیەکی نوێ (لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا)، کار بۆ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بکەن کە خارجی تەقالیدەکانی ئێستایە و بە هیچ شێوەیەک تەجروبەی کۆن دووبارە مەکەنەوە. = بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکە و ڕزگار کردنی خۆت لە کۆیلایەتی وەرە. تا چەند ساڵی تر ئەمریکا وئەوروپا هەر دۆستی گەندەڵی بێ سنوور، ترسی بەردەوام، ستەم و زوڵموزوری جیاواز، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ و ڕیسایکل کردنی ئەم خاڵانە دەبن.؟"

وشەیەکی کورت و سادە بۆ ڕۆشنبیران و میدیایەکان بە شێوەیەکی عام: هوشیار بارزانی گووت:" تەقالیدی ئەمانە چۆن بوویە لە زەماندا؟ لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێک ئەم خاڵانە ئاشکرا دەکەت: - ویژدانەکی زۆرنەزان، بچووک، نزم وتەسک کە بەهیچ شێوەیەک لە تەقالیدەکانی وێرانکەری دەسەڵاتداری کوردی خارج نەبوویە. - بواری میدیای لە کوردستان بەم جۆرە، زۆر نوێ و تازەیە کە وەک شتەکانی تر کۆپی زۆر پێسی عەقڵیەتی سەرکردەکانی کوردە. - چۆن وبە چ شێوەیەکی پیس یارمەتی بەهێزکردنی تەقالیدەکانی نێگەتیڤی دەسەڵات وجەماوەر دەدەن؟"

هوشیار بارزانی گووت:" تەقالیدی دەسەڵاتداری چینی سیاسی و دینی عەرەبی شیعە و سوننە ( بە ئەنقەست شیعە و سوننە دەنووسم لەبەر ئەوەی خەڵک ڕاهاتوونە وحەز دەکەن لە تائیفی گەری ئایینی یان ئێتنیک. ئەمە چەند سەد ساڵە هەر لە یەکتر دەدەن. پیرۆزەتان بێت)، چۆن بوونە پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣؟ سەد ساڵ پاش لە دایک بوونی دەوڵەتی عێراق ئایا تەقالیدی جەماوەر یان چینی عەرەبی شیعە وسوننەی دەسەڵاتدار گۆڕانکارییەکی بینیوە؟ مێژوو زۆر بە هێز چەند خاڵ ئاشکرا و ئیسبات دەکات وەک: تەقالیدی جەماوەری شیعە و سوننە تەقالیدەکانی عەشایەری، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر شارەزا و پرۆفیشناڵ، ترس، ژێردەستی، هەست کردن بە لاوازییەکی بەردەوام، ئاو دانی بەڕێوەبردنەکی شەرعی و جیاوازی گەندەڵی، دزی و تاڵان کردنە،...هتد. بە چ شێوەیەک، 'لەسەدا چەند' و چۆن دوای ساڵی ٢٠٠٣ پێکهاتەکانی
تەقالیدی جەماوەری شیعە و سوننە لە کاتی سەدامدا ئێستا زیندوونە و چۆن بە شێوەیەکی زۆر شارەزا چینی سیاسی و دینی عەرەبی شیعە و سوننە تەقالیدەکانی جەماوەری بە هێزتر دەکەت تا جەماوەرلە بازنی حەیوان کردن خارج نەبێت؟ تەقالیدی (پێش ساڵی ٢٠٠٣ی) جەماوەری شیعە سوننە وچینی دەسەڵاتدار، ئێستا زۆر بە هێزن سەرەڕای ئەوەی کە چەند گۆڕانکاریەکی بێ بەهایان بینیوە.

مێژوو پیشان دەدات کە تەقالیدی دەسەڵاتداری چینی سیاسی و دینی عەرەبی شیعە و سوننە دروست بوونە لەم خاڵانە: - ویژدانەکی سیاسی، ئابوری، بەڕێوەبردن، کۆمەڵایەتی، ئایینی...هتد، زۆر بچووک، تەسک، نزم، عەشایەری وتائیفی. - بەڕێوەبردنیان 4 = ڕژێمی دیکتاتۆری و میلیشیای، شەڕی تائیفی ئێتنی و ئایینی، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی،...هتد. - بەردەوام بوونی تالانکردنی جیاوازی سەروەت و سامانی عێراق. - بەردەوام بوونی بازرگانیکردنەکی زۆر شارەزا بە جەماوەری شیعە و سوننە. - کۆیلە و پەرستنی مانتال. -...هتد.
بەعکسەوە لە بەغدا گۆڕانکاری ڕیشەیی دروست بوویە کە مۆر و ئیمزای تایبەتی خۆی هەیە لە زەماندا: توندوتیژی خام.

تەقالیدەکانی میدیای عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی چۆن بۆنە / چۆنن ئێستا؟ ئایا لە مەیدانی کلاسیکی، ویژدانەکی نزم، تائیفی، میلیشیای، شەڕی ئیتنیک...هتد، هاتوونەتە دەرەوە؟ نە. بە چ جۆرەک، چۆن تەقالیدەکانی خراپی دەسەڵات وجەماوەر بەهێزتر دەکەن؟ بێ گومان خاڵەکانی هاوبەشی تەقالیدەکانی میدیای پێش و دوای ٢٠٠٣ زیاترن لە جیاوازیەکان."

مێژووی تەقالیدی سەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیمان پێشان دەدات؟ خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ عێراق زۆرن، هەر چەند کە هەردەوڵەتەک تایبەتمەندیەکانی تەقلیدی خۆی هەیە. بە شێوەیەکی 'مەکرو' و زۆر سادە دەتوانین بڵێین: - بەڕێوەبردن بەپێی بنەماڵ، ئایین، ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەر، دیکتاتۆری، دیموکراسی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. - شەڕی جیاوازی سارد و گەرم لەگەڵ جەماوەری خۆیان یان دراوسێکەیان. - دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ. - ترس، ستەم و زوڵموزوری جیاواز. -...هتد.= تەقالیدەکانی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک. بۆ چی، پاش سەد ساڵ لەدایکبوونی دەوڵەتی تورکیا تەقالیدەکانی بەڕێوەبردنی(کە ڕیشەکەی ئایدیۆلۆژیای هێرشبەری کەمالیزمە)، تا ئێستا چالاک و زیندوونە کە بە بەردەوامی ڕۆڵێکی نێگەتیف بۆ کۆمەڵگای تورکیا بە گشتی و بە تایبەتی بۆ کورد دەبینێت.
جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە ئاگاداری ئەم دوو خاڵەی ژێرەوە بێت: - تەقالیدەکانی چینی دەسەڵاتدار بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەدی گشتی کۆمەڵگادا نینە. - بەکارهێنانی بەردەوامی ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەر وتوندوتیژی جیاواز ئێسباتی بەڕێوەبردنەکی نەخۆش وترسە. تا چەند ساڵی تر شەڕی ئیتنیک، ئایینی، ئایدیۆلۆژی و تائیفی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک هەر بەردەوام دەبێت و ئەوە بەس بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێک؟

هەدەپە پێویستە ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە خۆی بکات: ئایا وڵاتێک هەیە دڵسۆزانە یارمەتی کورد بکات؟ نە. تەقالیدەکانی جیاوازی دەسەڵاتداری کوردی، تورکی، ناوچەکە و نێودەوڵەتی چی فێرمان دەکەت؟ ئایا کورد چەکی خۆی دروست دەکات؟ نە. کاتی ئەوە هاتووە کە نە بەس جەماوەری کورد(چۆن بە چ شێوەیەک5) بەڵام گەلی ناوچەکەش ستراتیژییەکی نوێ پەیدا کەت بۆ رزگار کردنی خۆیان لە تەقالیدی زۆر خراپی دەسەڵات. پێکهاتەکانی تەقالیدی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک کە تورکیا یەکێکە لەم وڵاتانە: - ژێر دەستی، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنی کۆمەڵگا. - ترس و گوێڕایەڵی. - بەردەوام بوونی سایکۆلۆجی لاواز وژێر دەست. - مانتالەکی زۆر تەسک، بچووک کە گۆڕانکاری ناوێت. - ئاو دانی بەڕێوەبردنی شەرعی ئەم خاڵانەی پێشتر کە باسمان کرد و بە %دی جیاواز لە خزمەت کردنی گەندەڵی، دزی، تاڵان کردن، توندوتیژی وئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەردانە. - ...هتد.

تەقالیدەکانی جیاوازی قەندیل چۆن بوونە یان چۆنن ئێستا؟ ئایا لە زەماندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە ورۆڵیان زیاتر باش بووە یان خراپ؟
تەقالیدەکانی قەندیل توانیویانە لە زەماندا adapt, innovate, evolve as necessaryیان نە. ئایا قەندیل دەرس وەرگرتووە لە تەقالیدەکانی خۆی یان تورکی؟ لە قەندیل چەند تەقالیدی جیاوازی کلاسیکی و ووشک دەسەڵاتدارن. پێکهاتەکانی بەرگری کردن لە دژی ئایدۆلۆژیا هێرشبەری کەمالیزم پێویستە چی بن؟ ئەگەر ئەم ئایدۆلۆژیا بە بەردەوامی شەڕی گەرم بەکاردەهێنێت، تۆ پێویستە لەسەدا چەند، چۆن و بە چ شێوەیەک شەڕی گەرم بەکار بێنی؟ ئەگەر چەند ڕێنمایی بووتان بنووسم نەک هەر پێدەکەنی(خارجی عەقڵیەتی کلاسیکی، بەرژەوەندی شەخسی و حزبییە)، بەڵام لەهەمان کاتدا ئایدیۆلۆژیای هێرشبەر سوودێکی زۆری لێ وەردەگرێت.

هوشیار بارزانی گووت:" لە عێراقدا چینی سیاسی و دینی عەرەبی شیعە سوننە و کورد سەرمایە یان کاپیتاڵەکی تەقلیدییان هەیە کە نە حەز دەکەن و نە دەتوانن لێ جیاببنەوە و ئەوە نە تەنها ڕۆڵەکی زۆر پیس و خراپی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا تەقالیدەکانی جەماوەری شیعە، سوننە، کورد و مەسیحییەکان بە هێزتر دەکەن بۆ ئەوەی کە: بەس خاوەنی ویژدانەکی زۆر نزم بن، بەردەوام و بەهێز کردنی کۆیلایەتی، بازرگانی کردنەکی پیس لە زەماندا بە کۆمەڵگا، جەماوەر و خزمەت کردنی ئەکتەری دەوڵی خارجی. جەماوەر چارە چییە؟ عێراق پێویستی یەک جار گرنگ بە دیمانسیون وئاستەکی تری ویژدانە، ئەگەرنا بەم تەقالیدانە 6 بە بەردەوامی تا قورگە لە ناو قوڕدایە / دەبێت. هیچ چارەسەرێکی ترت نییە."

م. امین

1- دەتوانی لێکۆڵینەوەکی باش لە سەر تەقالیدی کۆمەڵگا بکەی لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٦٩ ولە ساڵی ١٩٦٩ تا ١٩٩١.
2- https ://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf
3- https ://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
4- https ://kcdme.com/M.%20Amin%2029.07.2022.pdf
5- https ://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf
6 - زمان ناسی کوردی گوتووە ترادیسیون بە کوردی دەبێت بە نەریت. شێوەی دروست و پەیدا کردنی وشەی زمان پێویستە چۆن بێت؟ ئەم شێوازە بێگۆمان شێوازەکی زۆر نەزان و تێکدانی زمانی کوردیە.عەقڵیەتی زمان ناسی کوردی پیرۆزی هەموومان بێت.